# ئالان بادیۆ: بەختەوەری، ئەو ڕیسکەیە کە دەبێت قبوڵی بکەین.



گفتوگۆ لەگەڵ ئالان بادیۆ

وەرگێڕانی: زەردەشت نورەدین، وەلید عومەر

بەختەوەری(Happiness) لەو زاراوانەیە کە سوبێکت ڕادەچڵەکێنێت. ڕەنگە هەڵە نەبین بڵێین: بەشێکی زۆری مرۆڤ هێشتا دیدێکی غەیبی و ناماتریاڵیی بۆ بەختەوەری هەیە، بەو پێیەی بەستراوەتەوە بە قەدەر و شانس و هتدەوە. دیارە بەختەوەری لەلایەن دونیای واقیعی و کۆمەڵایەتییەوە پێناسەدەکرێتەوە. ئایا ئەمڕۆ لەناو سیستەمی سەرمایەدارییدا، بەختەوەری چۆن سەیردەکرێت؟ چ پەیوەندییەکی بە سیاسەت و گۆڕانکاریی ڕادیکاڵەوە هەیە؟ بەختەوەری تا چەند کورتدەبێتەوە بۆ قایلبوون یان ڕازیبوون(satisfaction)، و چەندە پەیوەندیی بە ڕیسك و مەترسییەوە هەیە؟ وەکچۆن بادیۆ جارێکی تر عەشقیش دەبەستێت بە ڕیسك و قوربانیدانەوە. لە یەکێك لە کەمپینەکانی (کۆکاکۆلا)دا ئاماژە بەوە کرابوو کە دەبێت بەختەوەری (هەڵبژێرین!). بەختەوەری لە دیدی سیستەمەوە چیە؟ ئایا هاوتای بێدەنگبوون نیە دەرهەق بەوەی پشێوی دروستنەکەین؟ بەختەوەری دالێکی بەتاڵە و هەریەکە بەجۆرێك مەدلولی خۆی پێدەبەخشێت.

**پرسیار: بۆ دەبێت جارێکی تر کاتیگۆریی "بەختەوەری" بخەینەوە بەر پرسیار؟ بۆچی پێویستدەکات قسە لەسەر بەختەوەریی "ڕاستەقینە" بکەین؟**

بادیۆ: کاتیگۆریی بەختەوەری، بەو جۆرەی کە ئەمڕۆ برەوی پێدەدرێت، تاڕادەیەکی زۆر کورتبۆتەوە بۆ ئەو شتەی کە من پێیدەڵێم قایلبوون یان ڕازیبوون. ئەم وێنەیەی بەختەوەری، لەبنچینەوە هەڵگری ئەو پرسیارەیە لە خۆمان کە چۆنچۆنی دەتوانین ئەو جێگەیە بپارێزین کە پێماندراوە(جێیەك لە جیهاندا کە خۆی هەر هەیە). لەبەر ئەوە جەخت لەسەر وشەی "ڕاستەقینە" دەکەمەوە [لە دەستەواژەی بەختەوەریی ڕاستەقینەدا] تاکو ئەو ناتەباییە دەربخەم لەگەڵ ئەو جۆرە بەختەوەرییەی تردا کە پێموایە خەیاڵییە: واتە ئەو جۆرە بەختەوەرییەی کە سەرکێشیی[1] تیا نیە، و لەوەش کەمتر خاڵییە لە هەر جۆرە ڕیسکێك. باوەڕم وایە تێگەشتنە مۆدێرنەکە بۆ بەختەوەری، لە جەوهەری خۆیدا ڕێ بە هیچ ڕیسکێك نادات، بەختەوەرییەکە کە هاوشانە لەگەڵ گەرەنتییەکدا. ئەم شێوازە تازەیەی بەختەوەریی بەبازاڕکراو[2] ، درووشمێکی هەیە؛ کە ئەویش بریتییە لە هارمۆنیەت(هەماهەنگی): هەبوونی پەیوەندییەکی کۆك و هەماهەنگ لەگەڵ دونیادا، لەگەڵ هاوڕێکانتاندا، لەگەڵ شەریکی ژیانتان و هتددا. ئەم وێنە ئایدیاڵییەی بەختەوەری برێك لەو شتە دەچێت کە پێشتر پێماندەوت "ئاشتیی ناوماڵ". گەرچی هەمووکەس باش دەزانێت شتەکە پێچەوانەیە، [درووستکردنی] ژیانێکی هاوبەشانە، سەرکێشییەکی قورس و ترسناکە. لەبنەڕەتدا، ئەمە بەختەوەری کورتدەکاتەوە بۆ داگیرکردنی جێ و ڕێیەك کە خۆی پێشوەخت هەبووە و دیاریکراوە: ئەو ئیشوکارەی کە حەزت لێیە، ئەو شەریکەی ژیانت کە خۆشتدەوێت، مناڵەکان و هتد. دیارە خواستی ئێمە ئەوە نیە هەمووکەس لەوە تێبگات بێکاری چ تامێکی هەیە، ئەمە خواستێکی گەمژانەیە. ئەوەی من دەیپرسم(و کاتێکیش فەلسەفە دێتەناوەوە ئەمە خاڵە گرنگەکەیە) ئەوەیە کە ئاخۆ دەتوانین بەختەوەری کورتبکەینەوە بۆ ڕازیبوونی ڕووت؟

[1] . adventure
[2] . marketing

**پرسیار: ئەمە ژێست و جووڵەیەکی کۆنە بۆ فەلسەفە، بەڵام بە چ واتایەك شتێکی نوێ دەخاتەڕوو؟**

بادیۆ: خۆ زۆر ڕاستە، لێرەدا کە ڕایدەگەیەنم لینك و پەیوەندییەك لەنێوان فەلسەفە و بەختەوەرییدا هەیە، ئەوا ژێستێکی کۆن و کلاسیکییم نواندووە. ئەمە بەئاشکرا ئەو باس و ئەرگۆمێنتەیە کە لە فیکری کۆنیشدا، لای ئەفلاتوون و ڕەواقییەکانیش دەبینرێت. بەڵام ئەوەی دەبێت لەم جووڵە و ژێستەوە وەریبگرین(واتە شتە هەژێنەرەکەی ئەم جووڵەیە)، ئەو ئایدیایەیە کە فەلسەفە دەتوانێت ئەو تێگەیشتنە خۆکرد و خۆڕسکە، یان دەقیقتر بڵێم، ئەو تێگەیشتنە زاڵەی ناو کۆمەڵگا سەبارەت بە بەختەوەری، لەقبکات و شوێنەکەی بگۆڕێت. ئەو خۆڕسکییەی کە تاڕادەیەکی زۆر کۆدڕێژکراوە[و کۆمەڵگا و سیستەم کۆدەکانی خۆیان تیا چاندووە]: ئەوەی کە کۆمەڵگا ناچارماندەکات وایدابنێین شتی بەدیهی و بەڵگەنەویستن. هەر لەبەر ئەمەیە کاتێك فەلسەفە، بەختەوەری وەك یەکێك لە کێشەکانی خۆی سەیردەکات، ئیتر تووشی بەرکەوتن دەبێت لەگەڵ ڕوانگە زاڵەکەی ناوکۆمەڵگادا: ڕوانگەیەکی وەك ئەوەی کە لە سەردەمی ئەفلاتووندا، بە دەستی سۆفستاییەکان فۆرمولەکرا و ئەمڕۆش لەلایەن گۆڤار و کتێبە دەروونناسییە ڕێنوێنیکەرەکانەوە دادەڕێژرێتەوە[و دەرخواردی خەڵك دەدرێت]. کاتێك فەلسەفە ئاوڕ لە بەختەوەری دەداتەوە و مشتومڕی لەسەر دەکات، ئەوا بەپێچەوانەی زۆرێك لە پرسە فەلسەفییەکانی ترەوە، بەرەو پرسێکمان دەبات کە پرسێکی هاوبەشە و کێشەی هەموومانە. لەڕاستیدا پرسیارەکانی وەك "بوون چیە؟"، "ئایا حەقیقەتی ماتماتیکی بوونی هەیە؟"، پرسیارگەلێکن فەیلەسوفەکان لەگەڵ هاوتاکانی خۆیاندا مشتومڕی لەسەر دەکەن. نامەوێت بە چاوی نزمەوە سەیری ئەم جۆرە پرسیارانە، و پێشینە و زەروورەتە تیۆرییەکانیان بکەم؛ بەپێچەوانەوە، جبەخانە و کارخانەیەکی تیۆریین کە بۆ گەڕانەوە بۆلای ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە نەزمێکی گشتییترەوە زەروورن. بەڵام فەلسەفە لێرەدا ناوەستێت: دەبێت ئەو پرس و کێشە هاوبەشانەش تاوتوێبکات کە فراوانترن وەك عەشق، بەختەوەری، هتد. دواجار پێویستە فەلسەفە خۆی بگلێنێتە ناو ئەو پرسانەوە کە پەیوەندییان بە ئایدیاڵ و

خەموختوورەی گشتییەوە هەیە؛ ئەگینا فەلسەفە وەك بەشێکی ئەکادیمی دەمێنێتەوە، بەشێك کە تیایدا کۆمەڵێك هاوڕێ و هاوپیشە لەسەر کۆمەڵێك پرس قسەدەکەن کە تەنیا لە هەناوی فەلسەفە خۆیدا هەڵکۆڵراوە [و قەتیسکراوە]. کەواتە لێرەوەیە کە فەلسەفە حۆی دەخاتە بەرەی پێشەوە دژ بە بیرۆکە باو و باڵادەستەکان.

**پرسیار: بۆچی بۆ پێناسەکردنی "بەختەوەری"، پشت بە کاتیگۆریی ئاوارتە(ئیستیسنا، exception) دەبەستیت؟**

بادیۆ: کاتێك دەستدەدەیتە شیکارییەکی وردی چەمکی بەختەوەری، ئەوا دەستەویەخەی پرسی (دۆخی ئاوارتە و نائاسایی)ی بەختەوەرییش دەبیتەوە. ئەوە چۆنە کە بەختەوەریی ڕاستەقینە(کە کورتناکرێتەوە بۆ ڕازیبوونێکی ئاسایی) یاسای گشتیی ***بوون*** نیە، بەڵکو بەختەوەرییەکە لەڕێگەی کۆمەڵێك هەڵبژاردن و چرکەساتەوە درووستبووە کە لە هەناوی دۆخێکی نائاساییو ئاوارتەدا هەڵیدەکۆڵن؟ ئاگایی دەستەجەمعی و گشتییش لەم تێگەیشتنەدا هاوبەشە سەبارەت بە ناوازەیی و دەگمەنبوونی بەختەوەری[3]، تەنانەت گەر دەمامکێکی بەسەردا بدات و بیشیشارێتەوە. ئالێرەوەیە کە من بیر لە گرنگیی زۆری عەشق دەکەمەوە(بەبێ ئەوەی دوودڵی بنوێنم بەجۆشوخرۆش ناویدێنم). عەشق، تاسە و تامەزرۆیی، دیداری کەسێك؛ ئێمە وەك چرکەساتی ئاوارتەی بوون سەیری هەریەك لەمانە دەکەین؛ و باش دەزانین کە ئەم چرکەساتانە ڕێنیشاندەرمانن بۆ گەیشتن بەو شتەی کە بەڕاستی دەتوانین پێی‌بڵێین بەختەوەری. خۆ ئاشکرایە کەس نایەوێت بەدبەخت بێت. بەڵام بەختەوەریی ڕاستەقینە پێویستی بە شتێکی زۆر زیاترە لە *بەدبەختنەبوون*. بەختەوەری بریتی‌نیە لە نەفیکردنێکی سادەی بەدبەختی: بەختەوەری دیارییەکە، بەخششێکە لەلایەن ژیانەوە کە دەکەوێتە ئەودیوی نەزمی قایلبوون و ڕازیبوونەوە. بەخششێك لەلایەن ژیانەوە کە دەبێت ئامادەیی قبوڵکردنیمان هەبێت، ڕیسکێکە دەبێت بتوانین قبوڵی بکەین. هەڵبژاردنێکی سەرەکیی

---

[3]. rarity of happiness

بوون(وجود)ـە: لەلایەکەوە ژیانێك کە تەنیا بە ڕووی ڕازیبووندا کراوەتەوە، لە لایەکی ترەوە ژیانێکیش کە ملکەچی ڕیسکی بەختەوەری دەبێت وەك ئاوارتەیەك(ئیستیسنا). ئەمە هاوکات پرسێکی سیاسییشە: کەسانێك هەن کە تەنیا لەسەر ڕەتکردنەوەی بەدبەختی کۆکن(وەك ئەرگۆمێنتی موحافیزکارانەی ئەو گرووپەی کە پێیان دەوترێت "فەیلەسوفانی نوێ"[4])؛ کەسانێکیش هەن ملکەچی ڕیسکی گەڕان بەدوای بەختەوەرییدا دەبن. بەپێی ئەم باس و ئەرگۆمێنتە موحافیزکارانەیە، خەڵك تەنیا ئەوەندەیان لەدەستدێت کە لەگەڵ بەدبەختییدا کۆك نەبن، نەك لە تێڕوانینێکدا هاوبەش بن سەبارەت بە بەختەوەری. لەبەرامبەردا، سان ژۆست[5]، بەشێوەیەکی تەواو شۆڕشگێڕانە ڕایگەیاند: بەختەوەری لە ئەورووپادا بیرۆکەیەکی نوێ بوو.

**پرسیار: ئایا هەر لەبەر ئەمەیە کە تۆش وەکو بنیامین، ئایدیای بەختەوەری دەبەستیتەوە بە کات و زەمەنێکی جیاوازەوە؟**

بادیۆ: بنیامین تێگەیشتنێکی فایبەری و ڕیشاڵڕیشاڵی هەبوو بۆ کات، و بەو پێیە چەندین کات بوونی هەیە: نەك کاتێکی تاقانە و گشتی، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە کاتمەندیی[6] پێکداچوو و جاروباریش ناکۆك لەئارادایە. ئاشکرایە ***کاتی*** بەختەوەری-بەمانا سیاسییەکەی- ئەو ***کاتەیە*** کە لە کاتمەندیی ئاسایی تێدەپەڕێت و بە مانایەك لە ماناکان وێرانیدەکات. لە فەلسەفەدا، سەدەی بیستەم(لەگەڵ تیۆری ڕێژەیی و فەلسەفەی بێرگسۆندا) چرکەساتێك هەبوو کە فرەیی کات و کاتمەندی کەشفکرا. لەم چوارچێوەیەدا بوو کە پرسی بەختەوەری گەڵاڵە بوو: ئەو ***کات و زەمەنەی*** کە شایستەی حەقیقەتەکانە(چ حەقیقەتی بیرکارییانە، هونەری، سیاسی، یان عاشقانە بێت)، زەمەنی بەسوبێکتبوونی بەختەوەر[7]، زەمەنی ئاکامەکانی ***ڕووداوە***، کە ناتوانیت

4 . New Philosophers
5 . Saint-Just
6 . temporality
7 . the time of happy subjectivation

لە ڕەوتی ئاسایی زەمەندا جێیبکەیتەوە [چونکە ***ڕووداو*** تەنیا دابڕان نیە لە بەرواری ئاسایی ڕۆژانە، بەڵکو ئاوارتە و ئیستیسنا و دابڕانێکە لە ***بوون***دا]. ئەم زەمەنە بەزەروورەت، زەمەنی درز و کەرتبوونێکە، زەمەنی دابڕانێکە، زەمەنێکی ئاوارتە و ئیستیسنابیە. قبوڵکردنی ئاکامەکانی ئەم ئاوارتە زەمەنی و کاتمەندە، بە مانای دروستکردنی زەمەنێکی جیاواز دێت. ئەمە دوا مەبەستی ئەو ڕستە شەعبییەیە کە دەڵێت "عاشقان لە دونیادا تەنیان". "تەنیابوون لە دونیادا" واتە تەنیابوون لەو کاتەدا کە ئەم ژیانە هاوبەشە پێکدێنێت، ئەو دوو هاوبەشەی کە لە کاتە ئاساییەکەدا هیچ بەشدارییەکیان نیە یان دوای ئەمە بەشدارییان نیە. ئەمە تایبەتمەندییە گشتیەکەی بەختەوەریی ڕاستەقینەیە: هەمان شت سەبارەت بەو بیریکاریزانەش ڕاست دەردەچێت کە لە تەنیایی خۆیدا پرسیارێك حەلدەکات. کەواتە لەم هەلومەرجەدا چۆنچۆنی بەختەوەرییەکی دەستەجەمعی بنیاتدەنرێت؟ ئەگەر "جۆشوخرۆش"(enthusiasm) ئەو کاریگەرییەیە کە هاوتای بەختەوەریی سیاسییە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە زەمەنێکی گشتیی تازە دەستنیشاندەکات. "جۆشوخرۆش" دەرخەری ئەو ساتەیە کە کەسەکان بە شێوەیەکی زاتی و سوبێکتیڤ بەئاگادێنەوە کە دەتوانن مێژوو دروستبکەن، نەك تەنیا دەسکەلا و داردەستی بن. لێرەوە "جۆشوخرۆش" هیچ نیە جگە لەو بیروباوەڕە هاوبەشەی کە دەتوانین مێژوو دروستبکەین، کە مێژوو پەیوەستە بە ئێمەوە، و وەکچۆن فرانسوا پرۆست(فەیلەسوفی هاوچەرخی فەرەنسی) دەڵێت: مێژوو هێشتا کۆتایینەهاتووە. ئەمە بەشداربوونە لە تینوتاو و جۆشوخرۆشێکدا، لە خۆپیشاندانێکدا، وەکچۆن لە گۆڕەپانە گشتییەکانی بەهاری عەرەبییدا بینیمان. هاوکات پاراستنی دۆخێکی ئاوارتە و ئیستیسناییشە لەڕێگەی کارێکی زەحمەتەوە کە بەدرووستی ناویدەنێین چالاکیی سیاسی(وەك، دانیشتنە دوایینەهاتووەکان، ئەو مەلزەمانەی تا بەرەبەیان دەنوسرێن). دەتوانین بڵێین، بەختەوەریی سیاسی شتێکی تاقەتپڕووکێنە. ئەمە شتێکە و دەبێت بوترێت. بەداخەوە هەر لەبەر ئەمەشە کە بەختەوەریی سیاسی، مەیلی بۆ بەرهەمهێنانی شۆڕشێکی بەردەوام(فول تایم) هەیە و جاروبار کادری پیشەیی و پرۆفیشناڵیش.

**پرسیار: ئەوە خۆتان بوون نوسیبووتان، کە ئەم پراکتیکە تەنزیمییە، پێویستی بە "دیسپلین"ێکی دیاریکراوە...**

بادیۆ: لێگەڕێن با ڕوون و ڕاشکاو بم، من بەئاشکرا ئەم وشەیەم وەك وشەیەکی ورووژێنەر بەکاردەهێنا. هەر بەو جۆرەی کە وشەی (کۆمۆنیزم)یش بەکاردێنم، چونکە لە فەرهەنگی هاوچەرخی سیاسییدا بێزراوترین وشەیە. خۆ لەوە تێدەگەم کە هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە هێزی ڕووداوەکیی( evental) سیاسەت بپارێزین، بەڵام پێموایە درووستکردنی زەمەنێکی سیاسیی نەگۆڕ و بەردەوام، پێویستی بە دیسپلینکردنی ئاوارتەیەکە، پێویستی بە بەردەوامبوونێکی زەمەنییە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئەو وزەیەی لە دابڕانە سیاسییەکەوە بەرهەمهاتووە دانامرکێتەوە. دەبێت لەسەر داهێنانەکان بەردەوام بین، و ئەم داهێنانانەش پێشگریمانەی ئەو ئەفراندنانەیە کە ملکەچی دیسپلینێك دەبن. لێرەدا دەبێت لەوە تێبگەین وشەی دیسپلین بە مانای نیگارکێشێك دێت کە بەهۆی تاقیکردنەوە و ئەفراندنەوە، دیسپلینێك بەسەر خۆیدا دەسەپێنێت. ڕێك وەکو بیرکاریزانێك کە خۆی دیسپلینێکی دڵڕەقانە بەسەر خۆیدا دەسەپێنێت، تاکو کێشەیەکی ماتماتیکی حەلبکات. کاتێك ئێمە خۆمان دەخەینە دۆخێکی نائاسایی و ئاوارتەوە، ئەوا بەزەرووڕەت ناچاردەبین یاساکانی خۆمان و پرەنسیپەکانی خۆمان درووستبکەین. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئازادی لە دیسپلین جیاناکرێتەوە. دەبێت ئەم دیسپلینەش دووبارە و دووبارە دابهێنرێتەوە.

**پرسیار: دیسان [دەپرسمەوە] کە بۆچی وشەی وەفاداری بەکاردەهێنن؟ [وەفاداری] زیاتر چەمکێکی ئەخلاقییە تاوەکو سیاسی بێت، وانییە؟**

بادیۆ: وشەی وەفاداری( fidelity) لە خۆیدا بەشێوەیەکی نەرێنی مانای خیانەتنەکردنی هەڵگرتووە. هەرچەندە لە ڕوانگەی منەوە نابێت وەفاداری بەشێوەیەکی نەرێنی پێناسە بکرێت، واتە لە ڕیگەی نا-خائینییەوە. وەفاداری هەمیشە وەفاداربوونە دەرهەق بە دابڕانێکی بنچینەیی و ڕیشەیی، نەک وەفاداربوون بێت دەرهەق بە دۆگم یان دۆکترینێک یان هێڵێکی سیاسی. ڕاستگۆبوون لەگەڵ

ڕووداوێکدا بەمانای داهێنان یان تەرحکردنی شتێکی تازە دێت، بەدەربڕینێکی تر گەڕانەوەی هێزی دابڕانە بۆ ڕووداوەکە. ئەمە جگە لە بنەمایەکی پاراستن هیچی تر نییە. ئەمە پرەنسیپێکی جوولەیە. وەفاداری، بەردەوامبوونی دابڕانەکە دەستنیشاندەکات. بەپێچەوانەوە، وەفاداریی موحافیزکارانە بریتییە لە وتنی ئەوەی کە فلان کەس دەبێت وەک دوژمن بناسرێت، دەبێت بێبەش بکرێت، تەنانەت ئەگەر وەلاوەش نەنرێت. لەبەرئەوەی ئەوانە لەگەڵ ڕووداوە سەرەتاییەکەدا نایەنەوە یەک. تەنیا ئەم تەبابوونە، لەسەر ئەو گریمانە ڕادەوەستێت کە وەفاداری پێویستی بەجۆرێک لە ئۆبێکتیڤبونەوەیە بەشێوەی ڕووداو، ئەویش بەجۆرێک بێلایەن و بێباک بێت بەرامبەر  پابەندبوونی زەینی و سوبێکتیڤ کە دەبێت وەفای بۆ ڕووداوێک هەبێت. بەپێی ئەم تێگەشتنە، وەفا زیاتر چەمکێکی لۆژیکییە تا ئەخلاقی. ئەمە بەواتای لۆژیکیبوون یان تەبابوونە لەگەڵ بەرپرسیارێتییەکی سەرەتایی زەینی و سوبێکتیڤ کە هەنووکە لەڕێگەی باسوخواسێکی دەستەجەمعییەوە لەناو ئەو کەسانەدا کە لەڕووی سیاسییەوە خۆیان بە هاوڕێ دەزانن درووستدەبێت. بەم مانایە، وەفا زۆر جیاواز نییە لە کۆمەڵەی بیرکاریزانان، کە تەنیا هەر ئەوە نییە لە پرسەکەدا هاوبەش بن، بەڵکو لە ڕێگە و ئسلوبی پێناسە و دەستنیشانکردنی ڕاست و هەڵەشدا هاوبەشن. جەوهەری سیاسەت تەنیا ڕووبەڕووبوونەوە نییە لەگەڵ دوژمندا بەڵکو بەر لە هەموو شت ئەوە دەخوازێت کە هەلومەرجی بنەڕەتی بۆ ڕازیبوونی هاورێیان بێنێتەبوون. وەفاداری، بەم مانایە واتە ئەوانەی کە بەشداریی ئەم باسوخواسە گشتییە دەکەن، دەبێت سەرنجی ناکۆکیی نێوان ڕیزەکانی خۆیان بدەن. لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێت ئەم ناکۆکییە، لەگەڵ ناکۆکی لەگەڵ دوژمن خۆیدا تێکەڵبکرێت.

**پرسیار: ئایا ئەمە سەرچاوەی "تۆقاندن"ـە لە سیاسەتدا؟**

بادیۆ: هەموو کات تێکەڵکردنی ناکۆکییەکانی وەک ناکۆکی ئەنتاگۆنیستی، ناکۆکی چینایەتی، دوژمنی چینایەتی و ....هتد [و جیانەکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی ناکۆکی لەیەکتر] شتێکی کارەساتهێنە. تراژیدیای تۆقاندن لەسەدەی بیستدا لە ئەنجامی ئەو

گریمانەوە دەهات کە پێیوابوو یەک جۆر ناکۆکی هەیە کە ئەویش ناکۆکیی چینایەتییە. بەپێچەوانەی ئەو گریمانەیەوە، دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەیادبێت کە تا ئەو شوێنەی پێویستدەکات بەردەوام بین لە گفتوگۆ بۆئەوەی تێبگەین هەموو جۆرەکانی ناکۆکی هەمیشە لەناو ***کۆمەڵ***ێکدا دێتەکایەوە، و ڕەهەندێکی ناوەکیی هەر کۆمەڵێکە، و دەبێت ئەم ناکۆکییانە لەنێوان هاوڕێیاندا چارەسەربکرێت. لەم سۆنگەشەوە پەلەپەل و بێسەبری لە سیاسەتدا زیانبەخش و وێرانکەرە. ئەو ترس و تۆقاندنەی کە پەیوەندیی بە کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەوە هەیە کەمتر بەهۆی تاکەکەسەوە بوو (گریمان کەسانی دڵڕەقیش بن) بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بە بێسیقەیی و پەرۆشی و وریایی زۆرەوە بوو کە ئەمەش لەگەڵ بەختەوەریدا ناتەبایە. ئەوەندە بەسە کە بیر لە بە ئیشتراکیکردنی[٨] توندوتیژانەی زەویوزار لەلایەن ستالینەوە بکەینەوە، لەکاتێکدا هەموو شتێکی لێ ببووە دوژمن... نا [بەم شێوە نابێت]، بەڵکو دەبێت لە نەزمی سیاسەتیشدا وەک هەموو شوێنێکی تر بزانین کە چۆن دڵنیا و ئارامگر دەبین: تاکو دەرفەتی شیاو بدەینە سەبر و کات.

سەرچاوەکان:

http://www.versobooks.com/blogs/2032-alain-badiou-happiness-is-a-risk-that-we-must-be-ready-to-take

http://daricheha.com/weblog/?p=521

[٨] - collectivise